هاوڵاتی
A Private Weekly Issued By Ranj Print- Shop
ژمارە (٧٦) دوو شەممە ٢٠٠٢/٦/١٠

لەپەراوێزی کێشەی نەفی کردنی ئەنفال لەزانکۆدا

ڕەخنەیەك لە (هاوڵاتی)

سامان کەریم

دوای ئەوەی مامۆستایەکی عەرەب، پەروەردەکراوی سیاسەتی بەعسو تەوقیتکراو لەزانکۆی سلێمانی، ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/١٤ کە دەکاتە چواردەیەمین ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفال، ڕێگەی لەخوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی کیمیا لەکۆلێژی زانست گرتبوو کە بەشداری ماتەمو مەراسیمی سازکراوی ئەو یادە بکەن لەناو زانکۆدا، لەهەمانکاتدا لەبەرامبەر هەموو خوێندکارانو بێ دانانی هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی بۆ موقەدەساتو سەروەریەکانی ئەو گەلەی ئەمڕۆ مامۆستا (ئیبراهیم قاسم)ی عەرەب لەنێو زانکۆکەیدا وانە دەڵێتەوە (یان مەرامەکانی بەجێ دێنێ!)، دەستی کردبوو بەسوکایەتی کردن بەرامبەر بەئەنفالو گوتبووی (ئەنفال چیە، تاوانێك نابینم بەناوی ئەنفالەوە)، پاشان زیاتر لەسەر ئیستفزاز کردنەکەی دەڕواتو بەخوێندکاران دەڵێ (بۆ ناڕۆن تابوتەکانیش بێننە ناو حەرەمی زانکۆوە)!!.

خوێندکارانی ئەم بەشە کە ئەو قسانە دەبیستن لەزمانی بەعسیەکەوەو لەسەر خاکو لەنێو حەرەمی زانکۆی ئازادکراوی خۆیاندا، سوکایەتی بەسەروەریەکانیانەوە دەکرێتو نەفی تاوانێکی هەرە گەورەی بەرامبەر نەك کورد بەڵکو مرۆڤایەتی دەکرێت، ناڕازی دەبنو بەئیمزای خۆیانەوە یاداشتێك ئاڕاستەی نوێنەرایەتی گشتی خوێندکارانی زانکۆو سەرۆکایەتی زانکۆ دەکەن بۆ لابردنی ئەو مامۆستایە، بەڵام بەداخەوە سەرۆکایەتی زانکۆ هیچ لێپێچینەوەیەك ناکاتو بەدەنگ نایەت لەبەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەداو مامۆستای ناوبراویش لەگوڵ ناسکتری پێ ناوترێت!

هەڵوێستی ئەو مامۆستا بەعسیەو قسە ناخۆشەکانی بەرامبەر ئەنفال وەك سەروەرییەکی ئەم گەلە، بۆ خۆی یەکێك بووە لەو ئەرکانەی، ئەو پەیڕەوەی، ئەو میتۆدەی ڕژێمی بەعس بەرنامەی بۆ داڕشتووەو شۆڤێنیزمە عەرەبە بەعسیەکانی نمونەی (ئیبراهیم قاسم)یش جێبەجێ دەکەن. بۆیە وەك هەستێکی نەتەوەیی و گیانێکی نیشتمان پەروەرانە، وەك دڵسۆزی و ئەرکێك بەرامبەر بەقوربانیانی ئەنفالو کەس وکارە نامورادەکانیان، سەرۆکایەتی زانکۆ لەبری بێ دەنگ بوون لەئاستی ئەو مەسەلەیەدا، دەبوو ئەوو مامۆستایەی دەرکردایەو ڕەوانەی ئامێزی بەعسی بکردبایەتەوە، وێرای ئەوەش دەبوو هەموو خاوەن هەڵوێستێك، کوردپەروەرێك، نەتەوەدۆستێك بەگژ ئەو هەڵوێستەدا بچێتەوەو ڕایەکی گشتی لەسەر دروست بکرێت. بەڵام دوای ئەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ هیچ دەنگی نەبوو، ڕۆژی ٥/٨ مامۆستا (سەروەر عەبدولرەحمان) کە مامۆستای بەشی مێژووە، نەیتوانیوە لەبەرامبەر بەعسیەکی ڕەگەزپەرستدا بێ دەنگ بێت کە قسەی بەنەتەوەکەی کردووە، بۆیە لەدەرەوەی زانکۆ دەبێتە دەمەقاڵەو موناقەشەیان. بەداخەوە ڕۆژی ٥/٢٨ سەرۆکایەتی زانکۆ لیژنەی لەسەر مامۆستا سەروەر پێکهێناوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووەو داوایان کردووە کە داوای لێبوردن لەشۆڤێنیزمێکی عەرەب بکات.

ڕۆژ ٥/٢٩ نزیکەی (١٠٠) خوێندکار چووینە بەردەم نوسینگەی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بۆ ئەوەی ڕایەکی گشتی لەسەر ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی زانکۆو ئیدانەکردنی ئەو قسانەی (ئیبراهیم قاسم) دروست بکەین.

مەبەستەکانی من زیاتر لەم چەند دێڕەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا هاوڵاتی چۆن بەدەنگی ئەو خوێندکارانەوە هاتو دواتریش چۆن هەڵوێستی خۆی وەکو ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازادی کوردی سایەی ئازادی دوای یانزەساڵ ڕاپەڕین، چۆن دەربڕی؟

لەسەرەتادا ستافی هاوڵاتیو خودی سەرنووسەریش بەڵێنی ئەوەیان دا کە ئەو کێشەیە بەمانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەکە بڵاو بکەنەوەو تەوەری تایبەتی بۆ بکەنەوەو گرنگی زۆریشی پێ بدەن.

ڕۆژی ٦/٣ کاتێك ژمارە (٧٥)ی هاوڵاتی بڵاوبووەوە، نەك هەر بەمانشێتی سەرەکی بایەخیان بەکێشەکە نەدا، بەڵکو هەواڵو بابەتو بەدواداچوونێکی کەمو کورتیشیان لەسەر بڵاوکردەوە.

لەلاپەڕەی یەکەمداو لەمانشێتی هەواڵێکدا دەڵێت (دوو مامۆستای زانکۆ لەیەك دەدەن) گەورەترین هەڵەی ئەو هەواڵەش لەوەدایە کە دەڵێت لەیەکیان داوە، چونکە ئەوە پروپاگەندەو تۆمەتێکە خراوەتە پاڵ مامۆستا سەروەر کە گوایە لەو مامۆستا عەرەبەی دابێت، مامۆستا سەروەر دەڵێت بەشایەتی ئەوانەشی لەوێ بوونە دەستم بەو مامۆستایەوە نەداوەو تەنها موناقەشەمان لەنێواندا بووە. بەپێچەوانەشەوە من خۆم لەیەکێك لەوانەی لەوێ بوونە پرسیارم کردووەو دەڵێت ئەو پاڵێکی بەمامۆستا سەروەرەوە ناوە! کەچی هاوڵاتی بەپروپاگەندەیەك باوەڕ دەکاتو تۆمەتی شەڕو لێدان دەداتە پاڵ مامۆستا سەروەر.

لەلاپەڕەی دووەمیشدا بەبابەتێك هاوڵاتی دەڵێت ئەو مامۆستایەی کە لەمامۆستا عەرەبەکەی داوە بەتۆمەتی ئەوەی سوکایەتی بەئەنفال کردووە، زیاتر لەکاری کاوبۆیەك دەچێت! سەیرە هاوڵاتی لەبری ئەوەی خۆی هەڵوێستێکی کوردانەی وەرگرتبایە، کەچی هەڵوێستی نیشتمان پەروەریو نەتەوەپەرستیو هەستی بەرزی مامۆستا سەروەر کە نەیتوانیوە بەرامبەر قسەکردن بەنەتەوەکەی بێ دەنگ بێت، بەکاری کاوبۆیی دەچێنێت.

لەلاپەڕەی سێیەمیشدا بەدواداچوونێك بڵاوکراوەتەوە، تیایدا چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چەند خوێندکارێکدا کردووە کە چووبوونە بارەگای هاوڵاتی.

لەڕاستیدا بۆ خۆم کە یەکێکم لەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کراوە، لەکۆی سێ پرسیارو وەڵام، تەنها دانەیەکیان بڵاوکردۆتەوەو قسەی هەندێ خوێندکاری تریش لابراوە.

هاوڵاتی لەکاتێکدا خۆی بەمینبەری ئازادو ڕۆژنامەی ئەهلی ناو دەبات، کەچی لەبەرامبەر کێشەیەکی وا گەورەو نەفی کردنی ئەنفالدا، وێرای ئەوەی خۆی قسەیەکی خێری تیا نەکردووە، کەچی ئەو مەسەلەیەش بەکێشەی شەق وەشاندنو لەیەکتر لێدانی نێوان دوو مامۆسای زانکۆ دادەنێت.

دەبوو هاوڵاتی خاوەن هەڵوێست بوایەو بەڵێنی خۆیان بەجێ بهێنایە کە لەبەرامبەر (١٠٠) خوێندکاردا گفتیان دا، هەوڵیاندایە ڕایەکی گشتی لەسەر ئەو کێشەیە دروست بکەن، نەك هەوڵبدەن کێشەکە بەرتەسك بکەنەوە لەنێوان دوو مامۆستاداو مەسەلەیەکی نەتەوەیی بەتوندوتیژی و شەق وەشاندن لەزانکۆدا ناوبەرن!

ڕوونک

لەخەڵکی ش

بۆ/ سەرجەم

پەیوەندیدارەک

ئێمە وەك
(زەرایەن) کە ه
ناوی سیان
دەوروبەری م
سەبارەت
بەمزگەوتەکە
هەفتەنامەی (
پێکراوە پێمان
پێشکەش بکەی
بەڕێزان: ئەم
(١٤) ساڵە بنی
لەچاو جاراندا
لەبەر ئەوە
لەناحیەکەماند
بەشی نوێژکەرا
لەبەر سەرماو
دەکەین، لەکاتی
(صلاح الدین)ی
چەند جارێ
بەوەزارەتی ئەو
زانایان کردووە
جومعەی تێدا
داواکارییە چ
وەزیری ئەوقا
جومعە لەمز
دواتریش نوێن
سەرپەرشتیاری
خۆیان بەسەریا
داوایەمان گرت
کردوین. مامۆ
کە وەك وتار
کراوە خزمی
بروانامەیەو ئ
پشتگیری لێ
دڵنیاین ک
خزمەتگوزارەو
لێ بکرێت، ل
پێزانینی خۆم
لایەنانە دەکەی
بەدەمانەوە لە
یەکێتی زانای
ئاسایشی ناوچ
ناحیەو ئیدارەی

حاجی مەحم

کوێخا ئەح

لەبری زیاتر
تێبینی/ ئ